# دیمانەی ڕۆژنامەی *ڕۆژنامە* لەگەڵ بورهان یاسین

**سەرەتای ئۆگوستی ٢٠١٠**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامەی *(ڕۆژنامە)*دا، ژمارەکانی ٥٩٥، ٥٩٦ وە ٥٩٧ دا و هەروەها لە پێگەی *(سبەی)*دا بە بەرواری ٢٠١٠/٨/٢٤ بڵاو بۆتەوە**

---

**★ سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین ئێوە وەك کاسایەتییەکی سەربۆخۆ بۆچی پشتیوانی "بزوتنەوەی گۆڕان"تان کرد؟**

وەڵام: لە ڕاستیدا من ساڵانێکی زۆرە یەکێکم لەو کەسانەی کە لە لایەکەوە سڵم نەکردۆتەوە لە ڕەخنە گرتن لە دەسەڵاتی کوردی وە لە لایەکی تریشەوە لە بڵاوکردنەوە و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك هەڵسەنگاندن و بیر و بۆچوون و پرۆژە، بە ئومێدی ئەوەی دواجار خزمەت بە ڕەوتی گۆڕانکاری لە کوردستان بکەن. بۆ نموونە لە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و بابەتدا هەر لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠کان لە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ سەر بزاڤی سیاسی لە کوردستان وە لە خوێندنەوەی گۆڕانکاریەکانی کۆتایی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کان و دانی هەندێ تەسەوور ڕو بە داهاتوو، کۆمەڵێك ڕەخنەو بۆچوونی جیدیم پیادەکردوە کە دەخزێنە خزمەت پرۆسەی گۆڕین و نوێبوونەوە و تەندروستبوونی بزاڤی کوردایەتی: بۆ نموونە، باسم لە گرنگی بەدامەزراوکرنی بزاڤی سیاسی کوردستان و نوێبوونەوە لەو بزاڤەدا لە لایەنی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی و سیاسیەوە و ئامرازی خەبات و ...هتد کردوە.

لەم پێشەکیەم بۆ وەڵامی پرسیارەکەت دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ساڵانێکە خۆم بە یەکێك لە دەنگە گۆڕانخوازەکان دەزانم و هەر لەم سونگەیەشەوە بە سروشتیم زانیوە کە تا ئەو جێگەیەی دەکرێ پشتگیری لە بزاڤی گۆڕان بکەم.

لە لایەکی ترەوە، هەر وەك لە بابەتێکمدا کە بەر لە نزیکەی ساڵێك بڵاو بۆتەوە باسم کردوە، دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕان لە باشووری کوردستان ئەرزهەژێکی سیاسی بوو وە ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، بە ڕاددەیەك گرنگ کە دەکرێ بڵێین ئەو ڕووداوە مێژووی هاوچەرخی باشووری کوردستان دەکاتە دوو بەشەوە: بەر لە دەرکەوتنی گۆڕان وە دوای دەرکەوتنی گۆڕان. هەر لەبەر ئەوەش بۆ خۆم سروشتیتر ئەوە بوو کە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤم هەبێ لەو ڕووداوە مێژووییە تا بێ هەڵوێست بم، یا خەراپتر لەوە هەڵوێستی نێگەتیڤم بەرامبەری هەبێ.

هەڵبەتە لە هەڵوێستی خۆمدا تا ئێستە زۆر تەحەفوزم لە چەند لایەنی ئەو بزاڤە لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ڕۆڵی ئەو پێکهاتەیەی کە بە کۆڵەگە و بڕبڕەی پشتی ئەو بزاڤە دەژمێردرێ هەبووە.

له دیدێکی کوردستانیەوە، من باوەڕم وایە کە بزاڤی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە. بە مانایەکی تر ئەو کوردایەتیە لە رووی فکریەوە کۆن بووە کە بۆ زەمەنێکی زۆر پێشتر و هەڵ و مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو زەمەنە لە قاڵب دراوە. لەم سۆنگەیەوە ئەگەر گۆڕان بە ئاشکرا خۆی بکات بە ئامراز و پلاتفۆڕمی نوێبوونەوەی کوردایەتی ئەوا سەرکەوتنی ئەو بزاڤە لەو ئەرکەدا ئاسۆیەك و دەروازەیەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی گۆڕین و نوێبوونەوە لە بزاڤی کوردایەتی بەشەکانی تری کوردستانیشدا بکرێ.

لە راستیدا زۆرێك لەو بابەتانەی کە بزاڤی گۆڕان باسی لێوەکردوون بە هەمان رادده بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش گرنگن، ئەو بابەتانەی کە لە کۆیاندا دەکرێ ناوی بنێین نوێبوونەوەی کوردایەتی. بۆ نموونەی گۆڕانکاری لە ماهیەتی حیزب و حیزبایەتی، گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی، بە مەدەنیکردنی خەباتی کوردایەتی، بەدامەزراوکردنی بزاڤی کوردایەتی، سەر لە نوێ پێناسەکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیەی، بەرجەستەکردنی کولتورێکی سیاسی بناکراو لەسەر بەها دیموکراسیەکان و مەفهوومە هەرە مۆدێرنەکەی کوردستانیبوون (هاوڵاتیبوون) و زۆر بابەتی تریش.

هەر لەو بۆچوونەوە، ئەگەر چی لە گوتاری سیاسی سەرانی گۆڕان خۆیاندا ئەم رەهەندە (واتە رەهەندی گۆڕان لە سونگەی کوردستانی مەزنەوە) بە تەواوەتی غایبە، من وەکو کوردستانیەك گرنگی بزاڤی گۆڕان لەو رەهەندە کوردستانیەوە بە مێژوویی دەزانم. بۆ ئەوەشی ئەو رەهەندەی گۆڕان ببێ بە راستی و بە پانتایی تەواوی کوردستانی مەزندا بڵاوبێتەوە گرنگە سەرانی گۆڕان هەڵسەنگاندنێکی جیدی بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن و لەو رۆشناییەشەوە گوتارێك بخەملێنن کە ئەو رەنگدانەوەیەی تیادا بەدیبکرێ. وە بە هەمان شێوە کوردستانیانی پارچەکانی تر بەو گرنگیەوە لە بزاڤی گۆڕان بڕوانن و لێی نزیك ببنەوە.

ئاخر، بۆ نموونە، مەسەلەیەك کە گۆڕان ووروژاندوویەتی و بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان گرنگە کلاسیکیبوونی بەشی هەرە زۆری حیزبە کوردستانیەکانە کە زیاتر هەڵگری کولتوری سیاسی بەلشەفیزمن و بە کۆمەڵێك کیشەی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و رێکخستنیەوە دەناڵێنن. زۆر بە کورتی ئەورۆ کولتورێکی سیاسی لە کوردستانی مەزن باڵادەستە کە هی بەکەمزانی خەباتی ئەویترە، خۆنواندن لە رێگەی ئینکارکردنی بوون و خەباتی ئەویتر و زۆر کێشەی جیدی تر کە دەکرێ لە کولتورێکی سیاسیدا کۆیکەیتەوە کە تیایدا دوو پرەنسیپی هەرە گرنگی کوردستانیبوون و دیمۆکراسیبوونی راستەقینە زۆر لاوازن.

لێرەدا گرنگە ئەوەش بڵێین کە لە گوتاری کوردستانیکرنی مەسەلەی گۆڕنکاری لە ئاستی کوردستانی مەزندا پێویست ناکات بزاڤی گۆڕان خۆی بکات بە برا گەورە و هەڵەی کولتوری براگەورەیی سیاسی دووبارەکاتەوە، بەڵکو ئەوە بەسە لە کات و بابەتی پێویستدا قسەو باسەکانی ئەو بزاڤە مەدا هەرە فراوانە کوردستانیەکەش وەرگرن.

**★ تۆ لە هەڵبژاردنی ۷ی ئازاری رابردوو کاندیدی ئە, بزوتنەوەیە بویت، بۆچی ئەو بڕیارەتدا؟**

وەڵام: لە راستیدا بڕیارێکی ئاسان نەبوو وە تا رادەیەکی زۆر بەشێك لەوەی پێشتر وترا یاریدەدەرە لە روونکردنەوەی بڕیارەکەم.

بە کورتی، بزاڤێك کە دروشمی ئۆپۆزیسیۆنبوونی راستەقینەی هەڵگرتووە و ئەندامان و لایەنگرانی ئامادەن قوربانی پێویست بدەن بۆ ئەم مەبەستە ناکرێ مرۆڤیش لە هەنگاوێکی عەمەلیدا، نەك هەر بە نووسین و قسەو باس، ئەوە دەرنەخات کە نەك هەر دڵخۆشە بەو پێشووەچوونە بەڵکو ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە عەمەلییەی کە دەکەوێتە سەرشانیی، جا با ئەو ئەرکە، لە ئەنجامدانیدا، خەتورەتی قوربانیدانی گەورەش لەخۆ بگرێ.

جگە لەوەش ئەو پرسیارەی ئێوە مانایەکی تر یا پرسیارێکی تر لە ناواخنی خۆیدا هەڵدەگرێ. ئەویش ئەوەیە: چۆن دەکرێ بورهان یاسین باوەڕی نەبووبێ بە دەوڵەتی عیراق وە تا ئێستاش باس لە باشووری کوردستان (نەك کوردستانی عیراق) بکات و بە ئاشکرا لە بزاڤی ریفراندەمدا داوای سەربەخۆیی باشووری کوردستانی کردبێ، خۆی بەربژێربکات لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا. لەم سونگەی پرسیاریشەوە دیسان خۆ بەربژێرکردن بڕیارێکی ئاسان نەبوو. وە جگە لە قسەکانی پێشترم، لە وەڵامی ئەم بەشەی پرسیاریشدا دەتوانم بڵێم:

١) ساڵانێکی زۆرە بە نووسین و کۆڕ و سیمینار و چالاکیە مەدەنکیان و زۆر شێوەی خەباتی تر لە دەرەوەی وڵات، وەك کەسێکی بێلایەن، خۆم لە بزاڤی کوردایەتیدا خەریك کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار رووبەڕووی ئەو رەخنەیە بوومەتەوە وەك ئەوەی کە من لە کوردستاندا حزووری عەمەلیم نیە، ئەگەر چی، هەر بە پێی ئەو لۆژیکە، دەسەڵاتێکی کوردیش حوکمڕانی وڵات دەکات! لە وەڵام و چارەسەرکردنی ئەم پرس و موفارەقەیەدا دەڵێم: ئەوەم رەفزکرۆتەوە کە لە سێبەری دەسەڵاتێکی تا سەر یەسقان گەندەل بژیم، دەسەڵاتێك کە بەشێك لە سیاسیەکانی بەر لە نیوڕۆ لە پۆستە سیاسی و ئیداریە رەسمیەکاندا دەبینرێن بەڵام دوای نیوڕۆ خەریکی قەچاغچییێتیکردنن بە کاڵایەکی نەتەوەیی ستراتیژی وەك نەوت. لە لایەکی ترەوە، خۆبەربژێرکردنم مانای چوون بوو بۆ کوردستان لە ژێر سێبەری بزاڤێکدا کە شەرێکی مەدەنیانەی راگەیاندوە بەرامبەر ئەو گەندەلیە. هەروەها ئەو هەنگاوەم وەك پشتگیری بوو لەو ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان کە لە چوارچێوەی بزاڤی گۆڕانەوە خەباتێکی هێژا دژ بەو گەندەلیە دەکەن؛

٢) هەرگیز رازی نەبووم وە نیم بەو دەستورەی عیراق کە هەیە وە باوەڕیشم وا بووە، وە ئێستاش باوەڕم وایە، کە چۆن عەرەبی سوونە کاتی خۆی لە رێگای بەشداری حیزبی ئیسلامیەوە (کە کەمێك بوون لە کەمایەتی سوونەی عەرەب) لە پڕۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی عیراق لە ٢٠٠٥ کۆمەڵێك مەرجی فەرز کرد یەکێ لەوانە مادەی ١٤٢، بزاڤی گۆڕان دەیتوانی وە ئێستاش دەرفەتی هەیە کە داوای بەسەرخستنی سەقفی دەستوری بکات لەو جێگایانەی باس لە مافی کورد و مەسەلە پەیوەندیدارەکان دەکرێ؛ بە بەهانەی ئەوەی کە گۆڕان وەك بزاڤ و وەك لیست لە ژێر ئەم دەستورە مۆری نەکردوە. هەر بەم لۆژیکەش، یەکێك لە خاڵەکانی پرۆگرامی تایبەتی خۆم لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن مافی ریفراندەم

بوو بۆ خەڵکی کوردستان وە خاڵێکی تریش گەڕانەوە بوو بۆ ئیرادەی ئەو خەڵکە لە حاڵەتی هەر بەرووڕووبوونەوەیەك و قەیرانێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا؛

٣) زۆربوون ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی عیراق، وە ئێستاش زۆرن، کە لە دەرەوەی دەستور و هەموو ئەو شتانەی ڕێکەوتنی سیاسی لەسەر کراوە، باوەڕیان بە ئەجێندای تەواو جودا و "نەنوسراو" هەیە و زۆرن ئەوانەی کە بیر لە جۆرێك لە شیعیستان دەکەنەوە و زۆرن ئەوانەی کە دەخوازن لە ڕۆشنایی فکرێکی عروبیەوە  هەرچی ئاساری فیدراڵی و دابەشکردنی دەسەڵات و پێزانین بە مافە نەتەوەییەکانی کورد (بە تایبەتی مادەی ١٤٠) بسڕنەوە وە زۆریشن ئەوانەی تەنانەت بە ڕوحێکی کودەتایی لە چوارچێوەی پەرلەمانی عیراقدا بە ئەجێندا شاردراوەکانیانەوە سیاسەت دەکەن. ئەم توخمانە هەموویان بۆ سیاسەتکردن چوونەتە پەرلەنانی عیراقەوە، نەك بە زەرورەت بۆ چەسپاندنی عیراقێکی "دیمۆکرات و فیدراڵ".

بە کورتی، من دەمخواست وەك کوردستانیەکی واقیعبین، بە هەموو توانایەکەم لە پێگەیەکی سیاسی زۆر پێشەوە خەبات بۆ ئەو شتانە بکەم کە باوەڕم پێیانە. هەر لێرەشەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەسانەی خۆیان بە کوردستانی دەزانن چەکی واقیعیبوون لە دەست ئۆتۆنۆمیخوازەکان دەرێنن: تۆ دەکرێ کوردستانی بیت و واقیعبینیش بیت. بە مانایەکی تر، کاتی ئەوە هاتووە کوردستانیان پیشانی بدەن کە ئەوان کۆمەڵێ خەڵکی ئایدیالیست نین کە تەنها هەندێ خەونی خۆش دەبینن و ئارەزووە سیاسییەکانیان لە هەندێك شعری جواندا دەردەبڕن، بەڵکو ئەوان خەڵکانێکن کە لە مەرجە سەختەکانی سیاسەت و سیاسەتکردن دەگەن وە هەر لەو سونگەیەشەوە دەستوەئەژنۆ بە دیار هەندێ دروشمەوە دانانیشن، بەڵکو دەتوانن لە چوارچێوەی هەڵ و مەرجە دژوارەکانی سیاسەتدا سیاسەت بکەن!

**⋆ بۆچی کە خۆت و لیستەکەت لەدهۆك دەنگی پێویستتان نەهێنا یەکسەر گەڕایتەوە ئەوروپا ئایا ئەمە نیشانەی بێئوومێدبونت بوو لەدەرنەچونی خۆت و لیستەکەت لەوپارێزگایە و سەختی بەردەوام بونی ڕەوتی گۆڕین و گۆڕانخوازی لەناوچەی بادینان؟.**

وەڵام: لە ڕاستیدا گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا بە هۆی بێئومێدی نەبوو. خۆبەربژێرکدنم بەشێك و مەقتەعێك بوو لە نەفەسێکی درێژ لە خەباتی کوردایەتیمدا وە هەر بەو پێیەش مەسەلەی هەڵبژاردن هەروەك ئەزموونە سیاسیەکانی ترم بە پارچەیەکی دانەبڕاو لەو خەباتە دەژمێرم. جگە لەمەش، مامەڵەی من لەگەڵ مەسەلەی گۆڕان لە کوردستان لە نەفەسێکی درێژەوە بووە. لەو باوەڕەشدام کە بە گشتی یەکێك لە کێشەکانی سیاسەتکردن نەفەسکورتیە.

هەروەها گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا یەکسەر نەبوو، بەڵکو بە مەبەستی ئەنجامدانی بەدواداچوونێك دەربارەی بزاڤی گۆڕان لە دەڤەرا بەهدینا لە ڕۆشنایی هەڵبژاردنەکان، چەند هەفتەیەك مامەوە و بە یارمەتی و بەشداری ستافەکانی گۆڕان لەو ناوچەیە، بەدواداچوونەکەم ئەنجامدا. دواجار، گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا شتێکی سروشتی بوو: ١) من نەهاتبوومە کوردستان بۆ مانەوە ئەگەر لە هەڵبژاردن دەرنەچووم، بە

مانایەکی تر هاتنەوەم بۆ کوردستان تەنها لە چوارچێوەی بەرنامەی خۆپاڵاوتنم بوو لە هەڵبژاردنەکاندا. تا ئێستا جێگە و ڕێگەی ژیانم لە ئەوروپایە؛ ٢) هەرچەندە بۆ مەبەستی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا ئیجازەی شەش مانگم لە کارەکەم وەرگرتووبوو بەڵام بە شێوەی چاوەڕوانکراو لە کارەکەمەوە هەندێ ئەرکم پێ ئەسپێردرا کە دەبێ بۆ ئەنجامدانی لە کۆتای مانگی ٥ وە سەرەتای مانگی لەسەر کار بوومایە؛ ٣) لە ڕاستیدا، بە پێچەوانەی بێئومێدبوون، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو ئەنجامەی گۆڕان لە دەڤەرا بەهدینا بە دەستیهێنا سەرکەوتنێکی گەورە بوو، هەرچەندە بە داخەوە سەرکردەکانی گۆڕان ئەو پێزانینەیان نەبووە. بە تایبەتی لەو ڕاگەیاندنەی کە لە ڕێگەی KNNەوە درا بە بۆنەی کۆتایهاتنی هەڵبژاردنەکان هیچ ئاماژەیەکی تایبەتی و شایستەی تیا نەبوو دەربارەی ئەو سەرکەوتنەی بەهدینا.

**⋆ گۆران لەم هەڵبژاردنەدا لەسنوری پارێزگای دهۆك، دوو هێندەی هەڵبژاردنی ٧/٢٥ی ساڵی پار دەنگی هێنا، هەندێك لەچاودێران دەڵێن، بەرزبونەوەی کێرڤی جەماوەری گۆران لەبادینان لەوهەڵبژاردنە پەیوەندی بەکەسایەتی تۆوە هەبووە، رای بەرێزتان؟.**

وەڵام: بە باوەڕی خۆم ئەو دەنگانەی کە گۆڕان بەدەستیهێنان بە پلەی یەکەم هی بێزاری جەماوەری ئەو دەڤەرە بوو، هەرچەندە ئەگەر بە پێی بێزاری ڕاستەقینە بێت کە لەو دەڤەرە هەیە دەبووایە دەنگەکانی گۆڕان زۆر زیاتر و بگرە چەند بارە زیاتر بوونایە، بەڵام بەداخەوە خەڵك ئازاد نیە لە دەنگدان. هۆکارەکەی تر لەو سەرکەوتنەی گۆڕان ڕۆڵی ماندونەناسانەی ستافی گۆڕان بوو، لە ناو دهۆك و لە قەزا و ناحیە و لادێکان لە دەڤەرەکە. بە تایبەتی دەخوازم ئاماژە بە ڕۆڵی بەڕێز کاوە بەرواری بکەم کە وەك گۆڕانخوازێك بۆ جاری دووەم لە نەرویج گەڕابوویەوە وە یارمەتیەکی زۆری داین لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.
جگە لەوەش، ئێمە (من و خوشك و برایانی ناو لیستەکەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای دهۆك) بەبێ دوو دڵی و سڵەمینەوە ئەو ئەرك و تەحەددایەمان قەبووڵ کرد وە، لەگەڵ هەستیاری ڕادەبەدەری چاڵاکی سیاسی لەدەرەوەی حیزبی دەسەڵاتیشدا لەم ناوچەیە، لە کاتی بانگەشەدا هەرگیز شانبەشانی ستاف و چاڵاکوانانی گۆڕان بووین وە تا توانیشمان چووینە ناو جەماوەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی بانگەشە.
لە لایەکی ترەوە پێویستە ئەو سەرکەوتنە بە جوانی ببینرێ وە بە جیدی و گرنگی و بە هەند هەڵگرتنی زۆرەوە سەرکردایەتی گۆڕان کار لەسەر ئەو ژمارەیە، کە لە دەڤەرا بەهدینا بەدەست هاتووە بکات، کە من بە داخەوە بە ڕاشکاوانە دەڵێم نەکراوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم بە لایەنێکی ئەم مەسەلەیە کرد!

**⋆ بەرای ئێوە کە ئەو ماوەیە لەسنوری پارێزگای دهۆك مانەوە، بۆچی خواست بۆ گۆران (گۆران وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەك وەك حیزب) لەناوچەی بادینان لاوازە، ئایا ئەم خواستە لای خەڵکەکەی لاوازە یان دەسەڵات لەوناوچەیە ئاستەنگە؟.**

وەڵام: جارێ سەرەتا کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە لە رووداوە سیاسیەکان و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا، بە گشتی، ناوچەی بەهدینا لەسەرخۆیی و درەنگکەوتنێکی پێوە دیاربووە. ئەگەر بشمانەوێ ئەو دیاردەیە هەندێ جوانبکەین دەتوانین بڵێین جیا لە ناوچەکانی تر، بە تایبەتی جیاواز لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، دەڤەرا بەهدینا نەفەسدرێژیەکی بەرچاوی پێوە دیار بووە، جا با ئەو نەفەسدرێژیە مانایەکی سەلبیش بەخۆوە بگرێ، وەك بۆ نموونە درەنگکەوتنی ئەو دەڤەرە لە راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دا. لە لایەکی ترەوە ئەو دەڤەرە زەریبەی دوو شت دەدات کە یەکێکیان بوونی دەسەڵاتی رەهای پارتیە وە ئەویتریشیان زەریبەی دابەشبوونی باشووری کوردستانە لە نێوان دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کە رەگ و ریشەکانی بۆ ساڵانێکی دوور و درێژی دابەشکردنی ئەو بەشەی کوردستان بۆ دوو ناوچەی هەیمەنەی پارتی و یەکێتی دەگەڕێتەوە. بە داخەوە ئەو دابەشبوونە، کە دەکرێ وەکوو کاریسەیەکی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد هەژمار بکرێ، لە چوارچێوی ئەو لەیەکگەیشتنە ناموقەددەسەی کە پێی دەوترێ هاوپەیمانی ستراتیژی (پارتی و یەکێتی) دەها بەرجەستە و قوڵتر کراوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە، بەپێی ئەو ئاگاداریەی من هەمە لە باری سیاسی لەو دەڤەرەدا بێزاری لە دەسەڵاتی پارتی و خواست بۆ گۆڕان لەوە زۆر زیاترە کە تۆ بتوانی بە ژمارەی ئەو دەنگانە هەڵسەنگێنی کە لە هەڵبژارنی ٣/٧دا بە دەست هاتووە.

هەر لە سونگەی ئەم بەشەی وەڵامەکەمدا، دەڵێم تەحددایەکی هەرە گەورەی بەردەم بزاڤی گۆڕان ئەوەیە کە ئەو دیوارەی نێوان بەهدینا و سۆران (کە من بە دیواری بەرلین، وەك شەبهاندن، ناوزەدم کردوە) ببینێ و بە راشکاوانەتر باس لەو مەسەلەیە بکات وە درووشمی روخاندنی ئەو دیوارە بەرزکاتەوە. بە خوێندنەوەیەکی راستگۆیانە لەم روانگە سیاسییە تاڵە و بە بەرزکردنەوەی دروشمی روخاندنی ئەو دیوارە گۆڕان دەتوانێ ببێ بە بزاڤی هەموو باشووری کوردستان وە لەم رێگایەوە نەك هەر مۆری بەناوچەییبون و (هەندێك جار گوناهبارکردن بە ناوچەگەریش) لەسەر خۆی لادا. نەك هەر ئەمە، بەڵکو گۆڕان بشبێ بە هەڵگر و پەیڕەوکاری پڕۆژەیەکی نەتەوەیی لە خەمڵاندنی پانتایی سیاسی نەتەوەدا لە باشووری کوردستان. جگە لەوەش بە کارێکی ئەوها، گۆڕان دەتوانێ یەکێك لە بنەماکانی جوگرافیای سیاسی دەسەڵاتی گەندەڵ بهەژێنێ و بە جیدی لاوازی بکات.

**⋆ وەك لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی و بەئاگا لە بارودۆخی کوردستان، کە بەردەوام بەدواداچوونتان هەیەو، ئەگەرچی دووریشن لەسەرزەمینی رووداوەکان، بەڵام پێتانوایە، لەماوەی ساڵێکدا بزووتنەوەی گۆڕان لەکوێوە دەستیپێکردو بۆ کوێ گوزەردەکات؟**

وەڵام: بە باوەڕی خۆم، بە زۆر پێوەر، ساڵێك و ئەوەندە لە تەمەنی گۆڕان زیاتر چیرۆکی سەرکەوتنە تا هەر شتێکی تر. هەروەك لە بابەتەکەمدا بەر لە نزیکەی ساڵێك ئاماژەم پێکردوە، گۆڕان کۆمەڵێك مێتودی کارکردن و جیهانبینی سیاسی بۆ خۆی هەڵبژارد کە پێشتر تا رادەیەکی زۆر لە باشووری کوردستان بوونیان نەبوو یا زۆر لاواز بوون، لەوانەش بۆ نموونە ئۆپۆزیسیۆن بوون، خۆڕاگەیاندن وەك

بزاڤێکی مەدەنی، ڕەفزکردنی دیاردەی نێگەتیڤانەی پڕچەککردن و بە میلیشیاکردنی حیزب و بانگەشەکردن بۆ کولتورێکی سیاسی نوێ لە مەڕ تێگەیشتن لە سیاسەت و مەرجەکانی خەباتی سیاسی. لە لایەکی ترەوە وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت زەحمەتترە. بە هەر حاڵ، وەڵامەکە دەکرێ دوو شێوەی هەبێ کە یەکێکیان هیواخواستنە وە ئەوەی تریان تەواو جیایە، ئەویش دانی هەندێ پێشبینییە ڕوو لە داهاتوو. لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەش لەو هەردوو سونگەیەوە پێویستی بە قسەی زۆرە. زۆر بە کورتی، گۆڕان لە بەردەم کۆمەڵێکی زۆری تەحەددا دایە کە هەندێکیان ئاستی ئایدیۆلۆژی و هەندێکیان ئاستی ڕیکخراوەیی و هەندێکیشیان ئاستی سیاسەتی عەمەلی، بە تایبەت لە بەغدا یا بەرامبەر بەغدا، دەگرنە خۆ. بە باوەڕی خۆم ئەرکێکی هەرە قورسی سەر شانی سەرکردایەتی گۆڕان ئەوەیە کە بە تەواوەتی خۆی ڕزگارکات لە سێبەری قورسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێك هەنگاو دەخوازێ کە هەندێکیان پەیوەندی بە مەسەلە مێژوویەکانەوە هەیە و هەندێکیان ئایدیۆلۆژین وە هەندێکیشیان پەیوەستن بە سیاسەتی عەمەلیەوە.

هەر بۆ نموونە، لە ڕووی سیاسەتی عەمەلیەوە ئەوەی لە فەترەیەکدا ڕوویدا ئەوەبوو کە پەیوەندیەکی "باشتر" گۆڕان لەگەڵ پارتی بە پەیوەندیەکی خەراپتر لەگەڵ یەکێتی تەواو بوو، ئەگەر چی پێچەوانەکەشی (پەیوەندی خەراب لەگەڵ یەکێتی گۆڕانی پاڵدا بەرەو پەیوەندی باشتر لەگەڵ پارت) دەکرێ ڕاست بێت. لە ئاستی تەکتیکیدا ئەوە دەگوترێ کە گۆڕان ناتوانێ  هاوکات ململانێی پارتی و یەکێتی بکات؛ ئەگەر ئەم تێزەش لە ئاستی تاکتیکدا ڕاست بێت ئەوا هەرگیز، لە ئاستی ستراتیژیدا، "موجامەلەی" زێدەی گۆڕان لەگەڵ هەر لایەن و دەسەڵاتێکی گەندەڵ لە ئاکامدا گران دەکەوێ لەسەر بزاڤی گۆڕان. دواجار، گۆڕان نابێ شتێك بکات کە حاڵەتێکی دژایەتی دروست بێت لەگەڵ ئەو متمانە جەماوەریە گەورەیە کە ئەو بزاڤە بەدەستیهێناوە، یا بنەما هەرە گرنگەکانی ئەم متمانەیە بهەژێنێ!

## ⋆ بەدیاری کراوی ڕەخنەکانت لەسەر ماوەی یەکساڵی کارکردنی (فراکسیۆنی گۆڕان) لەپەرلەمانی کوردستان چیە؟

وەڵام: بە گشتی ئەم فراکسیۆنە چالاك بووە وە توانیویەتی وەك هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن ڕۆڵێکی چالاك ببینێ لە پەرلەماندا. بە تایبەتی لە مەسەلەی بودجەدا فراکسیۆنی گۆڕان مێژوویان بۆ خۆیان و بزاڤی گۆڕان تۆمار کرد، کە بڕوام وایە ئەم سەرکەوتنە یاریدەدەری گۆڕان بوو لە هەڵبژاردنەکانی ٣/٧دا. لە لایەکی ترەوە، یەکێك لەو تێبینیانەی کە مرۆڤ دەتوانێ هەیبێت ئەوەیە کە ئەم گروپە پەرلەمانیە کەمتر گرنگیداوە بە ڕەهەندەکانی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم. بۆ نموونە لەسەر و بەندی سەفەری سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا وە قسەکردنی لەبەردەم پەرلەمان بەو بۆنەیەوە دەرفەت ڕەخسا بۆ فراکسیۆنی گۆڕان کە هەڵوێستی خۆیان دەربارەی ڕەهەندی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم، هەر نەبێ بۆ خەڵکی کوردستان، ڕوونبکەنەوە. دەکرا لەو ڕوونکردنەوەیەدا جگە لە دیدی گۆڕان دەربارەی ڕەهەندەکانی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم، سیاسەتە کوردستانیەکانیشی (واتە هی بزاڤی گۆڕان) ئاشکرا

بکەن. تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم، فراکسیۆنی گۆڕان لەو بۆنەیەدا روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە بیروبۆچوونی ئەو فراکسیۆنەی دیار کرد لەسەر یەکێك لە رەهەندەکانی قسەکانی سەرۆکی هەرێم، کە لە پەرلەماندا کردی، کە ئەویش بابەتی میدیا بوو بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان. لە کاتێکدا دەبێ ئەوە بگوترێ کە یەکێك لەو کارە باشانەی فراکسیۆنی گۆڕان وە بزاڤەکە کردبێتیان گرنگیدان بووە بەو بابەتە، کە تا ئێستاش ئەو گرنگیدانە هەر بەردەوامە. لە لایەکی ترەوە، گرنگ و پێویست بوو لەو دەرفەتەدا ئەو فراکسیۆنە بۆچوونی خۆی دەربارەی چوونی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا روونبکردایەتەوە. لە راستیدا ئێمە حەز بکەین یا نا ئەوا تورکیا هەردەم، بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر، کێشەی کورد لە تورکیا بە باشووری کوردستانەوە، هەتتا بگرە بەبێ بابەتی بوونی بنکەکانی PKKش، گرێدەدات. ئەی باشە لایەنە کوردیەکان بۆ ئەو بەیەکەوە گرێدانە نەبێنن وە هەوڵی خەملاندنی سیاسەتێکی پڕ بە پێست نەدەن لەو بارەیەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەنەبوونی سیاسەتێکی ئەوهادا بەرپرسیەکی زۆر دەکەوێتە سەر شانی PKKش. ئێستاش ئەو هێزە ئەسیری روح گەورەییەك و خۆبەزلزانی و جیهانبینی ئایدیۆلۆژی و سیاسییێکە کە بۆتە هۆی ئەو دابڕان و پەرتەوازییەی کە لە هەڵوێستەکاندا هەیە.

**★ ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە هەوڵی ئۆرگانیزەکردندایە، بە رای ئێوە، پێویستە چی بکات بۆئەوەی پرۆژەی گۆڕان کامڵ بکات؟**

وەڵام: سەرەتا وا دەزانم گۆڕان لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە پەلەی نەکردوە لە مەسەلەی خۆرێکخستنی یا راشکاوانەتر بڵێین لە بەحیزببوون. لەگەڵ ئەوەشدا لەوەدەچێت کەوا بەحیزببون مەسەلەیەکی حەتمییە دەبێ زوو یا درەنگ رووبدا. ئەو شتەی تر کە روویداوە و تەندروستە ئەوەیە کە ئەم باسوخواسی بە حیزببوونە لە ناو ژمارەیەکی کەم لە هەڵسوڕاوانی گۆڕان سنوردار نەکراوە بەڵکو بگرە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو جەماوەریش. ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرە لەوەی کە تاکی چالاکفانی گۆڕان خۆی وەك ژمارەیەکی سادە نەبینێ لە ناو ژمارەیەکی گەورەدا بەڵکو وەك چۆنایەتیەکی گرنگ کە دەتوانێ کاریگەری زۆری هەبێ لەسەر رەوتی بەحیزببوون. نەك هەر ئەوە بەڵکو داوەتکردنی گۆڕانخوازان بۆ ئەوەی بیر و بۆچوون و پرۆژەی خۆیان لە مەڕ بەحیزببوون و پرۆگرامی سیاسی ئەو حیزبەی درووستدەکرێ، رۆڵی گرنگی دەبێ لە بەدیمۆکراسیکردنی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا. ئەگەر چی دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بۆ سەرکردەکانی گۆڕان کارێکی یەکجار قورسە کە ئەو هەموو بیر و بۆچوون و پرۆژانە پۆلێن بکەن و کەنالیزەیان بکەن بۆ کۆنگرەی دامەزراندن (یا کۆنگرەی یەکەم)ی گۆڕان!

**★ نەوشیروان مستەفا دەڵێت: ئێمە حیزبێکی عەقائیدیو ئایدۆلۆجی نین، دەکرێت جەنابتان، هەم رای خۆتانو هەم رونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بۆچوونە بدەن، ئایا دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان خاوەنی**

**ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو بێت، یان خاوەن لائیحە، یان بڵێم، بەرنامەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریی بەرفراوان بێت؟**

وەڵام: ئەو قسەیە بە شێوەی جیاجیا کراوە، یا هەرنەبێ خەڵکی بە شێوەی جیاجیا تەرجەمە و تێگەیشتنی بۆ کردوە. دیارە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو قسەیە داوا لە خۆی بکرێت باشترە بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لەم بارەیەوە. بەڵام بە بۆچوونی خۆم لەوانەیە مەبەست لە وشەی عەقیدی و ئایدیۆلۆژی زیاتر هەوڵ بێت بۆ خۆ دوورگرتن یا ڕاستتر بڵێین دوورگرتنی گۆڕان لەهەوڵی یەکرەنگکردنی ئایدیۆلۆژی ئەو حیزبەی کە لە بزاڤەکە دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەوەش وا بێت ئەوا بۆچوونەکە گرنگ و پێویستە، چوونکە هەر زوو ئێمە دەزانین کە لە ناو بزاڤی گۆڕاندا بۆچوونی ئایدیۆلۆژی جودا جودا هەن وە پاراستنی ئەم فرەڕەنگیەش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی خۆدوورگرتن لە "یەکرەنگکردنی ئایدیۆلۆژی" دەبێت. لە تێڕوانینێکی گشتیشدا، ناکرێ خۆت لە بۆچوونی ئایدیۆلۆژی دوور بگری، چوونکە زووربەی جار هەر بۆچوونێکی سیاسی خاڵی لێوەدەرچوونێکی فیکری (تۆ بڵێ ئایدیۆلۆژی) لەپشتەوەیە. بە مانایەکی تر ئەو بۆچوونە فکریە سەرچاوەی ئیلهام و خاڵی بۆ گەڕانەوە (reference)ە بۆ بۆچوونە سیاسیەکە.

لە لایەکی ترەوە من زۆرتر پەنام بردۆتە بەر چمکی بەلشەفی (یا حیزبی بەلشەفی، هەندێك جار بە لینینیش ناوزەد دەکرێ) لە باسکردنی حیزبەکانی سەر پانتایی کوردستانی مەزن، نەك هەر باشوور. بە بۆچوونی خۆم ئەو چمکە (واتە چمکی بەلشەفی و بەلشەفیزم) لە فراوانکردنیدا دەکرێ گوزارەشت بێت لە کۆمەڵێ شتی گرنگ لە مێژووی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی، شیوعیەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و تەجرەبەی سۆڤیەت و وڵاتانی مەنزومەی سۆسیالیستی پێشوو لە دەوڵەتداری و سیستەمی سیاسیدا. لە فراوانکردنی جوگرافیشدا ئەو ئەزموونە لە جیهانی سێهەم بە فراوانی تاقیکراوەتەوە.

لە چمکی بەلشەفی یا بەلشەفیزم کۆمەڵێك دیاردە کۆبوونەتەوە کە ڕزگاربوون لێیان پێویستە:

١) خۆ وێناکردن وەك حیزبی سەرکردە و پێشڕەو و پێشەنگ؛

٢) سەپاندنی ڕەوایەتی سیاسی لەسەر بنەمای بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژی (زۆرجار دۆگمایەکی ئایدیۆلۆژی)، نەك ڕەوایەتی و نوێنەرایەتی دیموکراسی؛

٣) سەپاندی ئیرادەی تاکە حیزبێك لەسەر تەواوی پانتایی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوە، بە مانای یەکسانکردنی پانتایی نەتەوە یا دەوڵەت بە پانتایی حیزب، کە ئەمەش کۆمەڵێك گرژی و ململانێ (هەندێك جار خوێناویشی) لێدەکەوێتەوە؛

٤) خۆ، یا ڕاستتر بڵێین حیزبی خۆ، بە هەموو شت زانی و قەبووڵنەکردنی ئەو ڕاستیەی کە حیزبەکەی ئەو تەنها ژمارەیەکە لە ناو ژمارەکان. زۆر جار لە نوکتە سیاسیە کوردیەکاندا، بۆ نموونە دەوترێ حیزبی فلانی بە ئەندامان و سەرکردەکەی بە یەك قابلەمە دۆڵمە تێر دەخۆن. بەداخەوە ئەم نوکتەیە دەربڕی کولتورێکی سیاسی سەقەتە و لەسەر بنەمای ئەوی تر بە هیچ زانین و بە هەند هەڵنەگرتنی پێهەڵدەگرێ؛

٥) شتێك كە لە سایەی كولتوری حیزبە بەلشەفیەكان گەشەی كردوە فەرزكردنی دەسەڵاتی حیزبە بەسەر دەوڵەتدا. دواجار، لە سەر حسابی حیزبی بەهێز دامەزراوەوی بێهێزی دەوڵەت و كۆمەڵگای بێهێز و تاكێكی بێهێز بەرهەمدێت. ئەم پێشوەچوونەش لە بۆچوونی ماركسی-لینینی پێهەڵدەگرێ، لەوەی كە دەوڵەت تەنها ئامرازێكە لە دەست چینێكی كۆمەڵایەتیدا (تۆ بڵێ دواجار لە دەستی حیزبی ئەو چینەدا) دژ بە چینێكی تر، ئەوەش ئاسانكاری دەكات بۆ ئەوەی حیزب كۆنترۆڵی دەوڵەت بكات. هەر لەو بۆچوونەوەیە كە ستالین بە تایبەتی لە ١٩٣٠كاند پرۆسەیەكی كۆمەڵكوژی لە ناو كۆمەڵگەی سۆڤیەتدا پیادە كرد لە ڕێگەی بەكاربردنی ماكینەی دەوڵەت؛

٦) دیموكراسی مەركەزی، كە پەراوێزی زۆر ناهێڵێتەوە بۆ گەشەكردنی ئیرادە و تواناكانی داهێنانی ئەندامان و جەماوەری حیزب.

بەش بە حاڵی خۆم حەز دەكەم لەو بابەتەدا، جگە لەو ڕوونكردنەوەیەی پێشتر، بە گرنگیەكی تایبەتیەوە جخت بكەمەوە سەر دوو مەفهوومی كوردستانیبوون و دیموكراسیبوونی ڕاستەقینەنە لە هەر هەوڵێكدا بۆ ڕێكخستنی تاكەكان لە چوارچێوەی پانتایی نەتەوەدا. لێرەدا كوردستانیبوون نەك بە زەروورەت بە مانا ئیتنیەكەی بەڵكو بە مانا هەرە فراوانەكەی (هاووڵاتیبوون) كە ئەویش بە دەستوور و یاسا ڕێكدەخرێ. لەو چوارچێوەیەشدا ماف و ئازادیەكانی تاكەكانی پارێزراو دەبێ و پانتایی نەتەوەش، بەبێ جیاوازی سیاسی و ئاینی و ڕەگەزی و چینایەتی، هی هەموو تاكەكان دەبێ.

★ گۆڕان كە دەڵێت، من شێوازێكی نوێی حیزبایەتی پەیڕەودەكەم و لاسایی حیزبە ستالینیو تەقلیدییەكان ناكەمەوە، تێگەیشتنی تۆ بۆ ئەم مۆدێلە چییەو دەبێت چۆن بێت؟

وەڵام: باوەڕم وایە وەڵامی ئەم پرسیارە لە ناواخنی وەڵامی پێشووترمدا خویا دەبێ.

★ گۆڕان چۆن دەتوانێت هەڵسوكەوت لەگەڵ جیلی نوێ وجیلەكۆنەكەی پێش خۆی بكات، ئەم دوانە كە ئێستە لەناو بزوتنەوەكەدا سەنگ قورسایی خۆیان هەیە بە چ میكانێزمێك كاری پێكەوەیی بكەن؟ جێ یەكتر چۆڵ بكەن؟ یان پێكەوە میكانیزمی هاوبەش بۆ سەرخستنی بزوتنەوەكە بدۆزنەوە؟

وەڵام: پێشەكی ئەوە مەسەلەیەكی گەوهەریە و كار لەسەر كردنیشی بۆ دوارۆژی بزاڤی گۆڕان یەكجار گرنگە.

هەڵبەتە لە ئەزمونی كاری حیزبی لە دیموكراسیە ڕۆژئاواییەكانیشدا ئەوە دەركەوتووە كە حیزبە سیاسیەكان توانای كۆكردنەوەی پیر (نەوەی كۆن) و گەنج (نەوەی نوێ)یان بە یەكەوە هەیە. جگە لەوەش حیزبەكان، زووربەی زۆریان، ڕێكخراوی گەنجانی تایبەت بە خۆیان هەن، بەڵام نەك لە شێوەی سیستەمە بەلشەفیەكان كە لە چوارچێوەیدا ڕێكخراوی گەنجان و ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان تەواو دەكەونە ژێر سێبەری قورس و كۆنترۆڵی حیزب. لە دیموكراسیە ڕۆژئاواییەكاندا ڕێكخراوی گەنجان

سەربەخۆیی زۆری هەیە بەرامبەر بە حیزب و زووربەی جاریش دەنگی رەخنەگرانە بەرامبەر بە حیزب و داواکاری لێی بۆ نوێبوونەوە لای رێکخراوی گەنجان دەردەچێت.
بۆ ئەوەی رۆلی گەنج (تۆ بلێ نەوەی نوێ) بەسەرکەوتوویی دەستنیشان بکرێ و جێگەو پێگەی نەوەی گەنج لە باشووری کوردستان زامنبکرێ پێویستە:
١) رێکخراوی گەنجانی گۆڕان سەربەخۆییەکی زۆری هەبێ نەك، وەك ئەزموونی سیستەمە تۆتالیتاریەکان یا ئەو حالەتەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان و ولاتانی ناوچە هەیە، لە ژێر سێبەری قورسی حیزبدا هیچ پەراوێزێکی سەربەخۆیی بۆ نەمێنێتەوە؛
٢) باوەڕهێنان بەوەی کە فکر کۆن دەبێ وە لەوەش زیاتر زۆر جار کەسەکان، هێزە سیاسیەکان و حیزبەکان دەبن بە ئەسیری فکرێك کە بۆ زەمەنێکی زووتر، واتە بۆ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتوریی پێشتر، کە لە لایەن حیزبەکەوە خۆی بەرهەمهاتووە. لە لایەکی ترەوە، شتێکی سروشتیە، بگرە پێویستیشە، کە فکر و بەرنامە سیاسیەکان نوێبوونەوەی بەردەوامیان بەسەردا بێت.
لە لایەکی ترەوە، چونکە زۆر جار نەوەی کۆن دەبێ بە ئەسیری بۆچوونە کۆنەکان، ئەو نەوەیە توانای نوێکردنەوەی فکر و جیهانبینیەکانی نابێ، ئەگەر چی خواستێکی لەو جۆرەشی هەبێ. لە باشترین حالەتدا دەبێ نەوەی کۆن ئەوە قەبوول بکات کە پێویستی بە کەنال و دەروازەی کراوەیە روو بە بۆچوونە نوێکان، بۆ ئەوەی هەرنەبێ بۆچوونە نوێکان دەرفەتی بترمەکردنی بۆچوونە کۆنەکانی هەبێ، هەتتا بگرە بواریشیان هەبێ بە تەواوەتی جێگەی بۆچوونە کۆنەکان بگرنەوە؛ ٣) مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ ئەوەیە کە پەیوەندی نەوەی کۆن و نوێ دەبێ لە سونگەی کولتوری سیاسی و بەها دیمۆکراسیەکانەوە ببینرێ و مامەلەی لەتەکدا بکرێ و رێکبخرێ. بۆ نموونە کاتێك سەرکردەیەك دەلێ دەولەتی کوردی خەونی شاعیرانە، ئەوا لە دیدێکی دیمۆکراسیانەوە، جگە لەوەی ئەم بۆچوونە بە تەواوەتی مافی دیمۆکراسیانەی ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ لە ژیاندان و باوەڕیان بە دەولەتی کوردستانی سەربەخۆ هەیە پێشێل دەکات و لە هەمان کاتیشدا هیچ پەراوێزێك بۆ نەوەی نوێ و نەوەی سبەینێ ناهێلێتەوە کە ئەو مافە رەوا بە خۆ ببینن و خەباتیشی بۆ بکەن.
لەو بارەیەوە ئەوەی کە گۆڕان پێویستە خوێندنەوەی جیدی بۆ بکات ئەوەیە کە لە باشووری کوردستان نەوەیەك (مەبەست نەوەی راپەڕینە، ئەوانەی لە سالی ١٩٩١ و دەوروبەری ئەو سالە لەدایك بوون) سەری هەلداوە کە تەواو لە دەرەوەی هەیمەنە و کاریگەری زمان و کولتوری نەتەوەی سەردەست پێگەیشتووە. لە راستیدا سیاسەتی ئەورۆ زیاتر دەربارەی سبەینێی و دواڕۆژی ئەو نەوەیەیە وە هەر ئەو نەوەیەیە کە سەرکردە و دەستڕۆیشتووەکانی سیاسەتی سبەینێی باشووری کوردستان پێکدەهێنن. لەم بارەیەوە، هەر وەك لە هەندێ جێگەی تریش گوتوومە باشووری کوردستان بە بەراورد لەگەل بەشەکانی تری کوردستان لەبەردەم حالەتێکی مێژوویی تاك (unique) دایە: کورد بە گشتی، واتە لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن، بۆ یەکەم جارە دەبێت بە خاوەنی نەوەیەك کە دوور لە هەیمەنەی زمان و کولتوری نەتەوەی سەردەست و کاریگەری نێگەتیڤانەی چەپی نەتەوەی سەردەست گەشەی کردوە وە دواڕۆژ هی ئەو

نەوەیەیە نەك هی نەوەی كۆن. لەبەر ئەوە پێویستە نەوەی كۆن بزانێ كە ئەو دوێنێی هەبوو وە دەكرێ ئەمڕۆشی هەبێ بەڵام مەرج نیە سبەینێی هەبێ؛ بێگومان سبەینێ هی ئەو نەوە نوێیەیە!

**⋆ ئایا بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت وەك حیزبێكی پەرلەمانیو بۆ هەڵبژاردنەكان گەرموگوڕ دواتر نیشتنەوە بێت؟ تۆ مۆدێلێكی وای حیزبایەتی بەسەركەوتوو دەزانێت، مەبەستمە بڵێم ئایا خەڵكی لای ئێمە لەگەڵ ئەم شێوە حیزبایەتییە سەروسەودایان چۆن دەبێت؟**

وەڵام: لە كۆمەڵگەی ئێمەدا ناگونجێ تەنها بزاڤی گۆڕان وەك حیزبێكی پەرلەمانی خوی رێكبخات، واتە حیزبێك كە تەنها كاتی هەڵبژادنەكان دەركەوێ. تۆ وەك ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری كوردستان لەگەڵ هەندێ هێزی دەسەڵات بەرەوڕوویت كە خاوەنی، جگە لە هەیكەلی حیزب، سازمانی سیخوڕی و هێزی چەكدار (تۆ بڵێ میلیشیا) و كۆمەڵێ كۆمپانیای زەبەللاحی ئاشكرا و وەهمین. لەبەر ئەوە تۆ لە بارێكی ئەوهادا ناكرێ نارێكخراو بیت.

لە راستیدا ئەوە خۆی لە خۆیدا بار و ئەركێكی قورسە كە گۆڕان هەر لە سەرەتاوە رەفزی ئەوەی كردووە كە خاوەنی دەزگای سیخوڕی و میلیشیا و كۆمپانیا و چالاكی ئابووری نا یاسایی بێت. ئەوە تەحەددایەكی گەورەوەیە كە گۆڕان بەرامبەر حیزبەكانی دەسەڵاتی دەیكات. بەو مانایەی كە ناهاوسەنگیەكی یەكجار زۆر لە تەرازووی هێز (لە توانا ماددی و مرۆییەكانی بزاڤی گۆڕان بەرامبەر بە حیزبەكانی دەسەڵات) هەیە. لەبەر ئەوە گۆڕان پێویستی بە بنەمایەكی رێكخراوەیی هەیە بۆ لەچوارچێوەدانی هێز و تواناكانی خۆی.

لە لایەكی ترەوە، هەر لە ئێستاوە گرنگە بزاڤی گۆڕان چاوی لەوە نەبێ كە كاتێك خۆی دەكات بە حیزب هەر هەموو ئەوانەی پشتگیری لە بەرنامەی گۆڕان دەكەن بە زەروورەت ببن بە ئەندامی مولتەزیم و كارای ئەو حیزبە بن كە دروستی دەكات. لە راستیدا لە سیستەمە دیمۆكراسیەكانی رۆژئاوادا ژمارەی پشتگیرانی حیزبێك چەندەها جار زیاترە لە ژمارەی راستەقینەی ئەندامانی ئەو حیزبە. بە هەر حاڵ ئەوەش داهێنان دەبێت بۆ بزاڤی گۆڕان ئەگەر پەیرەوی ئەو شێوازە نوێیە لە حیزبایەتی بكات، بەو مانایەی كە مەرج نیە هەر هەموو لایەنگرانی حیزب، بە مانا تەقلیدیەكەی حیزبیبوون، حیزبی بن و ئەندامی چاڵاك بن. لەو داهێنانە سیاسیەشدا ئەركی گۆڕان ئاسان نابێت، چونكە ئەمڕۆ نەك هەر لایەنگرانی حیزبەكانی دەسەڵات دەبێ حیزبی بن بەڵكو بە دەیان هەزار كەس لە باشووری كوردستان بە نادڵی و بگرە بە زۆرداری دەكرێن بە حیزبی. ئەمەش بە ئامرازی جۆراوجۆر، دەكرێت وەك ئەوەی بۆ نموونە داخرانی دەرگای زۆرێك لە ماف و ئیمتیازەكان بە ڕووی خەڵكی ناحیزبیدا یەكێك لەو ئامرازانە بێت.

**⋆ گۆڕان چۆن دەتوانێت هاوسەنگی وهەماهەنگی لەنێوان پرسە كوردستانی وعێراقیەكان دا بكات؟ كامیان بخاتە خزمەتی كامیانەوە؟**

وەڵام: پێشتر لە سەر ئەم بابەتە، بەر لە ساڵێك، نووسیوومە و وتوومە کە ئەو بەیەکەوە گرێدانە ئاسان نابێت. لە لایەکی ترەوە بەردەوام لایەنگری ئەوەش بووم کە گۆڕان بە راشکاوانە بە حیزبەکانی دەسەڵات و بە جەماوەریش بڵێت کە ناکرێ گۆڕان لە کوردستان نانبڕاو بکرێت و لە بەغداش داوای برایەتی لێبکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکەوە گرێدانی بەغدا و کوردستان کۆمەڵێك پرەنسیپ و تەرتیبات و میکانیزمی گەرەکە کە دواجار کاری زۆری پێویستە.

بە هەر حاڵ زۆر جار سیاسەتکردن لە سەر بنەمای بەیەکەوە تەرتیبدانی دژایەتیەکان دەکرێ نەك لەیەکجیاکردنەوەیان و بەم شێوەیەش مەسەلەکان بە رەش یان سپی نامێننەوە. لەو چوارچێوەیەدا هەر لە بابەتی ناوبراومدا ئەو بۆچوونەم پیادەکردبوو کە گۆڕان لە کوردستان لە سیغەی ئۆپۆزیسیۆنبوون بەولاوە هیچ ئەلتەرنەتیڤێکی تری نیە وە پێویستە ئەوە بکات، بەڵام لە بەغدا پێویستی بە هاوکاریە لەگەڵ لایەنەکانی تر بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە یەك لیست لەگەڵ ئەو لایەنانە لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا دابەزێ؛ بە مانایەکی تر لە بەغدا هاوکاری، بەڵام بە تەحەفوز و سەربەخۆییەوە.

بۆ نموونە، لە بابەتی نەوتدا کە ئەمرۆ بە تاڵان دەبرێ و قەچاغچییێتی پێ دەکرێ، دەبێ گۆڕان بەبێ ئەوەی ئەلتەرنەتیڤی تری هەبێ بەرەوڕوبوونەوەیەکی راشکاوانە، بەڵام مەدەنیانە، لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە و دەسەڵاتی شاردراوەی باشووری کوردستان هەڵبژێرێ: دەبێ نەوت لە قەچاغچییێتی پێکردن و تێرکردنی چاوبرسیەتی هەندێ هێز و کەسی چاوبرسی بکرێ بە مەسەلەیەکی نەتەوەیی، واتە نەوت بەنەتەوەییبکرێت (لە مێژوودا بەنەتەوەییکردنی یا خۆماڵیکردنی نەوت مانای بە خۆماڵیکردن و دەرهێنانی بووە لە چنگ کۆلۆنیالیستەکان، بەڵام لە حاڵەتی باشووری کوردستان دەرهێنانیەتی لە دەست قەچاغچیەکان و دەسەڵاتی شاردراوە. ئەم کاڵایە نیشتمانیە لە حاڵەتی بە هەڵە مامەڵە لەگەڵ کردنیدا، دەکرێ لە ئاستە هەرە ستراتیژیەکاندا، پشتشکێن بێت بۆ کورد لەبڕی ئەوەی ببێتە مایەی خێرو خۆشی و گەیشتن بە ئامانجە سیاسیە باڵاکان. لێرەشدا ئەرکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەتی گۆڕان، زۆر قورسە لەوەی ئەو بەکاربردنە بخرێتە خزمەت خێروخۆشی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

لە تێگەیشتنی مەبەستی بەشی دووەمی پرسیارەکەت کە دەڵێی (کامیان بخاتە خزمەتی کامیانەوە) زۆر پشتڕاست نیم، بەڵام بێگومان هەردووکیان بخاتە خزمەت ئامانجە دیموکراسی و نیشتیمانیەکانی خەڵکی کوردستان.

★ **فراکسیۆنە کوردستانی وعێراقیەکەی گۆڕان چۆن دەتوانن خەباتی پارلەمانی وشەقامی کوردی پێکەوە گرێ بدەن؟ ئایە هەلومەرجی ئەو خەباتە لە ئاردایە؟ نمونەیەکمان بدەرێ؟**

وەڵام: بەڵێ دەکرێ، ئەگەر چی ئاسانیش نیە. ئەو نموونەیەی کە پێمان دەڵێ ئەوە مومکینە، وە بگرە زەروریشە، هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی گۆڕان و لایەنگرانی گۆڕان بوو لە مەسەلەی تێرۆرکردنی خوێندکار و رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان. راستە ئەم هەڵوێستەیە ئاسان نەبوو وە گرژی و بگرە

هەڕەشەشی هێنایە بەر دەرگای بزاڤی گۆڕان، بەڵام دواجار هەر ئەو قەیرانە کۆمەڵێك سەرئێشەی لە گۆڕان کردەوە و هەندێك گومان و نیشانەی پرسیاریشی لە سەر شێوە کارکردنی سیاسیانەی ئەو بزاڤە لابرد. با بە روونتر بیڵێین "نزیکبوونەوەی" گۆڕان لە پارتی بەر لەو رووداوە هەندێك نیگەرانی، هەتتا بگرە لای هەندێك لە هەڵسوڕاوانی گۆڕانیش، دروست کردبوو. بە مانایەکی تر، ئەم قەیرانە بوو بە چارەسەر و وەڵام.

بە مانایەکی تر گوڕان لەو هەڵوێستەیدا پیشانیدا کە راستگۆیە لە مەسەلەی بەرگریکردن لە ئازادی رادەربڕن و رۆژنامەوانی وە لە لایەکی تریشەوە ئەو جەماوەرەی سەر شەقامیشی بە تەنیا نەهێشتەوە کە داکۆککاری هەمان مەسەلە بوون، بەم شێوەیە یەکانگیربوونێك لە هەڵوێستەکادا دروست بوو.

لە بابەتی عیراقدا، لایەنی کوردی بە گشتی تا ئێستا سودیان لە پشتگیری جەماوەر، لە بەرەورووبوونەوەکان لەگەڵ بەغدا، وەرنەگرتووە. بە راستی ئەوە سوودوەرگرتن نیە لە هێزی جەماوەر (تۆ بڵێ هێزی شەقام) کە بەزۆرەملێ و بە چاوسوورکردنەوەی حیزب خەڵك بێنیتە سەر شەقام. ئەم سیغەیە جەماوەر بێئیرادە و ئیرادەکەشی سووك دەکات لە بڕی ئەوەی سوودی نەتەوەیی لە ئیرادەکەی وەرگرێ. لێرەشدا گۆڕان ئەرکێکی قورسی لەبەر دەمە لە هەڵگێڕانەوە و سەرەوژێرکردنی ئەو کولتورە سیاسیە سەقەتە و ئافراندنی کولتورێکی سیاسی کە تیایدا ئیرادەی جەماوەر رووداوی سیاسی دروست دەکات و لە خزمەت بە دیمۆکراسیکردنی سیاسەت و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی جەماوەر و بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکان دەبێ نەك خواستی تەسکی حیزب یا خۆنواندنی سەرکردەکان.

**★ گۆران لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنە ، ئایە لەعێراقیش هەروابێت یان بەشداری حکومەت بکات؟ کامیان باشە؟**

وەڵام: پێشتر هەندێك شتم ووت لەم بارەیەوە. بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت لە بەغدا بەقەدەر بەشداریکردن لە حکومەتی کوردستان پڕ ئیشکالیەت نیە، بگرە ئیشکالیەتی زۆر کەمتریشە، ئەگەر چی لە هەردوو حکومەتدا کێشەی گەندەڵی، بەو رادەیە یا رادەیەکی تر، هەیە.

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ مرۆڤ حسێبێکی جیدی بۆ ئەو راستیەش بکات کە ئێستا گۆڕان گرێدراوی هاوکارییێکە روو لە بەغدا لەگەڵ لایەنە کوردستانیەکانی تر وە بەشداری ئەو لایەنانە لە حکومەت بەبێ بەشداری گۆڕان بە ئەگەری زۆر ئیشکالیەت بۆ گۆڕان و بۆ میکانیزمەکانی ئەو هاوکاریە دروست دەکات. جگە لەوەش، بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەت پلاتفۆرمێك و سەرچاوەیەکی هێز و کەناڵێکی کاریگەریی (لەسەر ئاستی عیراق و کوردستان) بەو هێزە دەبەخشێ. بە پێچەوانەشەوە، بەشدارینەکردن لە حکومەتدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی پلاتفۆڕمێکی ئەوها گرنگ.

لە لایەکی ترەوە دەبێ پرسی ئۆپۆزیسیۆنبوونی هەموو کورد لە بەغدا، نەك تەنها هی گۆڕان بەتەنها، بە جیدی باسبکرێ لە چوارچێوەی هاوکاریە کوردستانیەکەدا و روو لە شەقامیش ئەو باسە بە هەند وەربگیرێ. بە باوەڕی خۆم گۆڕان دەرفەتی ئەوەی هەیە ئەم مەسەلەیە (واتە مەسەلەی

ئۆپۆزیسیۆنبوونی هەموو کورد لە بەغدا) وەك ئەلتەنەتیڤێکی سیاسی بورووژێنێ. لە راستیدا هەندێك جار "لەدەرەوە مانەوە"، یا هەرنەبێ هەڕەشەکردن بە لەدەرەوە مانەوە، پەراویزی سیاسەتکردن فراوانتر دەکات تا تەسکتر. جگە لەوەش زۆر جار لە چوونە ناوەوە باجی سیاسی گرانتر دەدەی لەوەی کە لە دەرەوە بمێنیتەوە! وا دەزانم ئەگەر تەرحکردنی ئەو ئەلتەرنەتیڤە بۆ تاکتیکیش بێت روو لە عیراقی عەرەبی لە کاتی گفتوگۆکاندا، ئەوا لە ئاکامدا بە ئەگەری زۆر لایەنەکان بە جیدیتر دەڕواننە کورد، چونکە لەو حاڵەتەدا لایەنەکان (عیراقی و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی) دەزانن کورد بێ چارە (بێ ئەلتەرنەتیڤ) نیە.

**⭑ سروشتی سیاسی کوردستانو کەمی لێبووردەیی وای کردوە هەموو بیروبۆچوونێکی جیاواز بەلادان یان بەیاخی بوون یان بەشەیتان سەیر دەکرێت.. تەنانەت لەناو هەمان بزووتنەوەشدا وەك باڵباڵێن پێناسە دەکرێت.. ئایا ئەگەر ئێمە بمانەوێت دیموکراسیەت بچەسپێنین نابێت ئەم دیاردەی جیاوازیە بەدیاردەیەکی ئاسایی بزانین؟**

وەڵام: هەڵبەتە راستتر وایە بڵێین کولتوری سیاسی، نەك سروشتی سیاسی. بەم مانایەش تەحەموولکردنی ئەویتر دوو رەهەندی هەیە، ناوەوە و دەرەوە: رەهەندی دەرەوە، بە مانای قەبوڵکردنی هێز و حیزبەکانی دەرەوەی حیزبی خۆت دێت وە لە رەهەندی ناوەوەش تەحەممولکردنی بیر و بۆچوونەکانی ناو حیزب لە ناو خۆیدا؛ هەردوو رەهەندەکەش لەیەکتر جیاناکرێنەوە. بە داخەوە ئەو کولتورە سیاسیەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا باوە زیاتر هی تەحەممولنەکردن و رەدکردنەوەی ئەویترە تا قەبووڵکردنی. ئەو رەدکردنەوەیەش زۆر شێوەی جیاجیا وەردەگرێ، لەوانە بۆ نموونە سرینەوەی مێژووی ئەویتر بەو مانایەش لە هەلۆێستەیەکی نا دیمۆکراتیانەدا حیزب نەك هەر دەخوازی پانتایی سیاسی ئەمرۆ پاوان و یەکرەنگ بکات، بەڵکو هەوڵ دەدات پانتایی مێژووش بۆ خۆی قۆرخ بکات و ئەوی تر، یا ئەوانی تر، دەکا بە نامێژوویی و تەواوی خەباتیشیان دەسرێتەوە. ئەو حیزبە شتەکان وا وێنا دەکا وەك ئەوەی لە مێژوودا هەر خۆی خەباتی کردووە و ئەوانیتریش نەك هەر نەبینراو دەکرێن بەڵکو زۆر جار مێژووەکەیان رەش و ناشرین دەکرێت لە رێگای تەخوین و گوناهبارکردن بە بەکرێگیراوی و جاشایەتی و...هتد. هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار لە نووسینەوەی مێژوودا باس لە نووسینەوەیەکی دیمۆکراسیانە لە لایەك وە نووسینەوەیەکی نادیمۆکراسیانە لە لایەکی ترەوە دەکرێت. ئەم پۆلێنکردنەی نووسینەوەی مێژووە لە جیهانی ئەکادیمیدا چەندە گرنگە ئەوەندەش لە جیهانی سیاسەتی عەمەلیدا گرنگە.

جگە لەوەش، بەشێك لە کێشەی تەحەممولنەکردنی هێزە سیاسیەکان بۆ یەکتر پەیوەندی بە گوتاری ناسیۆنالیستیەوە هەیە، یا راستتر بڵێین پەیوەندی بە بەچەوت بەکاربردنی ئەو گوتارەوە هەیە، چونکە ئەم گوتارە زیاتر گوتاری یەکرنگکردنە تا فرەڕەنگکردن. بە مانایەکی تر، لە حاڵەتی خراپ بەکاربردنی گوتاری ناسیۆنالیستی دەکرێ حیزبێك وا پیشانبدات کە فرەحیزبیبوون پەرتەوازەیی نەتەوەی

لێدەکەوێتە و هەڕەشەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی. لەم سونگەیەوە، یا بەم بەهانەیەوە، ئەو حیزبە خۆی بە زامنکاری پاراستنی نەتەوە لەقەڵم دەدات و بەم مانایەش ڕەواییەتی نوێنەریکردنی تەواوی نەتەوە، نەك هەر بەشێکی، تەنها و تەنها بە خۆی ڕەوا دەبینێ. یا لەبەر ئەوەی خۆی بە حیزبێکی "مۆدێرن" یا "عەلمانی" دەزانێ، تەقلیدی و دینیەکان بە مەترسی بۆ مۆدێرنیزم و عەلمانیەت لە قەڵەم دەدات. هەر لەبەر ئەوەش، یا بەپێی هەمان لۆژیك، نابێ ئەو هێزە "تەقلیدی" و "دینیانە" بوونیان هەبێ.

لە باشترین حاڵەتدا لە بوونی ئەو دژایەتیەدا قەیرانێکی بەردەوام وجودی دەبێت کە هەندێك جار، لە یەکلاکردنەوەی قەیرانەکە، پەنا دەبرێتە بەر گوتار و کرداری لەناوبردنی بەتەواوەتی ئەویتر.

ئەوەی وترا زیاتر قسەیەك بوو لە ڕەهەندی دەرەوەی مەسەلەی تەحەممولنەکردنی یەکتر، بەڵام ئەو کێشەو ئیشکالیەتانە، بە هۆی یەکبوونی کولتوری سیاسی و بەها گشتیە کولتوریەکان، لە ڕەهەندی ناوەوەشدا قوت دەبنەوە و بە هەمان شێوە ململانێکان لە دەرەوەڕا دەهێنێتە ناوەوە، یاخود بە پێچەوانەوە، یا ڕاستتر بڵێین ئەو کولتورە سیاسیە ئەو چوارچێوە و بنەمایەیە کە ڕەهەندی دەرەوە و ناوەوەی دیاردەی تەحەممولنەکردنی یەکتر بە یەکەوە گرێدەدات.

ئەگەر قسەکە لەسەر بزاڤی گۆڕانە، ئەوا بێگومان دیسانەوە ئەرکی ئەو بزاڤە قورسە لە پیادەکردنی گوتارێك و ڕەفتارێك، ڕوو لە دەرەوە و لە ناوەوە، کە بەرجەستەکردنی پرەنسیپی فرەڕەنگیە: "فرەڕەنگی سەرچاوەی هێزە نەك لاوازی؛ هێزی نەتەوەش لە ئیرادەی ئازادی تاکەکان پێکهەڵدەگرێ نەك لە پێچەوانەکەی."

بۆ ئەو بەرجەستەکردنەش وا باشە گۆڕان لە خۆیەوە دەستپێبکات. ڕەخنەیەکی جیدی کە لەم بارەیەوە پێویستە لە گۆڕانی بگرین ئەوەیە کە، بە ئاگا یان بەبێ ئاگاداری، بزاڤی گۆڕان شانازی خەباتی مەدەنی تەنها و تەنها بۆ خۆی تۆمار ئەکات. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پێشتر بە مەنهەجیەتێکی ئاشکرا و بەبێ دوو دڵی وە لە ئەزمونێکی چەند ساڵەییدا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەسپێشخەریەی خەباتی "مەدەنی"، یا بڵێ خەباتی دوور لە بەکاربردنی زەبروزەنگی، کردوە.

هەر پێزانینێك و حساببۆکردنێك کە گۆڕان لە گوتاری خۆیدا بۆ ئەوانی تر بیکات ئەوا گۆڕان ڕاستەوخۆ بەشداری لە بەرهەمهێنانی کولتورێکی جیاواز، لەوەی کە تا ئێستا لە کوردستان باڵادەست بووە، دەکات. کولتوری باڵادەست زۆربەی زۆر جار هی نەخوێندنەوە و نەپێزانینی بوون و خەباتی مێژوویی ئەویتر (ئەوانیتر) بووە.

**٭ پێت وایە گۆڕان بتوانێت لەموعادەلەیەکی سەختی بەرهەڵستکاری ناوەکی و پێویستی هەمئاهەنگی لەبەغدادا سەرکەوتوو بێت؟ یان ئێمە دەزانین سەخترین موعادەلە ئەوەیە لەناوخۆدا بەرهەڵستکارێکی سەرسەخت بیت و لەدەرەوەش هەمئاهەنگ و تەبا، چۆن ئەم هاوکێشەیە چارەسەر دەکرێت بەڕای تۆ؟**

وەڵام: بەڵێ کارێکی ئەستەمە، بەڵام نامومکین نیە. بە هەر حاڵ باوەڕم وایە لە بەشێك لە وەڵامەکانی پێشترم ئاماژەم بەم مەسەلەیە کردوە. ئەوەی دەبێ بە روونتر بیڵێن ئەوەیە کە دوو حیزبە دەسەڵتدارەکە قەچاغچییێتی بە نەوتەوە دەکەن یا هەر خۆیان رێگری دەکەن لەوەی مەسەلەی پێشمەرگە مەسارێکی دەستووری و یاسایی وەرگرێ کەچی روو لە بەغدا ئەو مەسەلەکە بە بەرگێکی "نەتەوەیی" دادەپۆشن، وەك ئەوەی، بۆنموونە، رێکنەخستنی پێشمەرگە لە هێزێکی یەکگرتوودا گوناهی بەغدا بێت. بە مانایەکی تر، وە وەك ئەوەی لەم بارەیەوە بوونی دوو دەسەڵاتی گەندەل لە کوردستان، کە ناواخنی دەسەڵتێکی بە ناو یەکگرتوو کراون، هیچ گوناهیان نەبێت! ورووژاندنی ئەم مەسەلانە و زۆر مەسەلەی تر وەکوو هەن بەرامبەر دەسەڵاتی دوو حیزبەکە و شۆڕکردنەوەی راستیەکان بۆ ناو جەماوەر کارێکی ئاسان نابێت بۆ گۆڕان، چونکە دوور نیە پارتی و یەکێتی مەسەلەی سیاسەتی کورد بەرامبەر بە بەغدا وەك کارتی فشار بەکاربهێنن لە پێناو بێدەنگکردن و چۆکپێدادانی گۆڕان لە کوردستان، وە بگرە ئامادەشن بۆ هەمان مەبەست ئەم هاوکاریە بۆ هەندێك ئاقاری قەیراناوی ترسناکیش پاڵ بدەن.

**⋆ پێت وایە گۆڕان بەگیرفانێکی هەژارو جەماوەرێکی پڕ پێویستیەوە بتوانێت بەرگەی گوشاری یەکێتیو پارتی بگرێت لەماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا؟ دوو حیزبی دەوڵەمەند.. دوو حیزب بودجەیەکی زەبەلاحیان لەبەردەستە دوو حیزب تەنانەت پەنایان بردە بەر سزای سیاسیش!**

وەڵام: نەخێر ئاسان نیە، زۆریش ئەستەمە، بەڵام مومکینە. هەروەك تا ئێستا بیسراوە و بینراوە لایەنگرانی گۆڕان بەرەورووی گوشاری جوداجودا بوونەتەوە، کە ناکرێ بەشێك لەو گوشارانە نەشەبهێنین بە مەنهەجی سیاسی رژێمە رەفتار فاشیەکانی ناوچە و جیهان!

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★